# ئەدەب و کولتوور

# سانتیاگۆی پیربالٚ چاپ دەکرێتەوە



■ ئا: سیروان عەباس

ڕۆمانی سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا-ی نووسەر و ڕووناکبیر فەرهاد پیربالٚ جارێکی دیکە بە دیزاینێکی نوێ چاپدەکرێتەوە.

فەرهاد پیربالٚ بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆمانەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی 2002 لەلایەن دەزگای ئاراسەوە چاپکراوە، دواتر لە ساڵی 2012 جارێکی دیکە لە سلێمانی چاپکرایەوە و ڕۆژی چوارشەممەی داهاتووش چاپی سێیەمی بلاوەدەکرێتەوە کە ماڵی وەفایی ئەرکەکەی گرتووەتە ئەستۆ. سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا ناوی گوندێکە لە هەرێمی کەتەلۆنیای سەر بە ئیسپانیا، وەک فەرهاد پیربالٚ دەڵێت کچێکی دانیشتووی ئەو گوندە لەگەڵ کوڕێکی وێنەکێشی هەڵەبجەیی دەکەونە خۆشەویستی، بەڵام ناتوانن یەکدی بدۆزنەوە. فەرهاد پیربالٚ، نووسەر، لێکۆڵەر و مامۆستای زانکۆ، ساڵی 1961 لە هەولێر لەدایکبووە. لەساڵی 1984 لە زانکۆی سلێمانی خوێندنی تەواو کردووە، هەمان ساڵ چووەتە ریزی یەکێتی نووسەرانی شاخەوە، هەر لەوێ یەکەمین کتێبی چاپ کردووە کە شانۆنامەیەکە بە ناونیشانی «ماڵئاوایی وڵاتەکەم». پیربالٚ لەبەر ڕەتکردنەوەی خزمەتی سەربازی بۆ ڕژێمی بەعس چووەتە ئێران، دوایی چووەتە ئەڵمانیا و ئینجا دانیمارک، پاشان چووەتە فەرەنسا. دوای تەواوکردنی دکتۆراکەی لە زانکۆی سۆربۆن، لە ئۆکتۆبەری 1994 گەڕایەوە کوردستان.



# سینەماکارانی کورد «وەرزی توترك» بەرهەمدێنن

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

«وەرزی توترک» ناوی فیلمێکی نوێی سینەماییە کە چیرۆکەکەی لە ڕۆمانێکی موراد تورک، ڕۆماننووسی کورد وەرگیراوە و هاشم ئایدەمیر، دەرهێنەریەتی.

زانا حەمە، پرۆدیۆسەری فیلمەکە، بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، چیرۆکی فیلمەکە لە ڕۆمانی «چادرەکان»ی موراد تورک وەرگیراوە و ئەرۆل باڵجی، سیناریۆی بۆ نووسیوە.

ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد، فیلمەکە لەلایەن کۆمپانیای میر مەڵتی میدیا، ماڵی سینەما و زاک فیلم بەرهەمدێت و سەرپەرشتیی ناردنی فیلمەکە دەکەن بۆ فێستیڤاڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و بەرهەمی هاوبەشی کوردستان و ئەڵمانیایە و بۆ ساڵی 2018 ئامادە دەبێت.

گوتیشی، ستافی کارکردنی فیلمەکە لە هەر چوار پارچەی کوردستان و نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون و زیاتر لە 180 کەس لە فیلمەکەدا بەشدارن.

ئەم بەرهەمە ئێستا لە قۆناغی مۆنتاژدایە و بڕیارە بۆ ساڵی داهاتوو لە فێستیڤاڵە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکاندا بەشداربێت.

چیرۆکی فیلمەکە باس لە شۆڕشگێڕێکی کورد دەکات کە لە شەڕدا بریندار دەبێت و لە هەڤاڵەکانی دادەبڕێت و بەژیانێکی قورس و دژواردا تێدەپەڕێ، دواجار ململانێیەکی سەخت لەگەڵ مردن دەکات.

هاشم ئایدەمیر دەرهێنەرێکی کوردی باکووری کوردستانە، تاوەکو ئێستا کاری بۆ چەند دراما و فیلم کردووە، لەوانەش درامای تەلەفزیۆنیی «خاک و ژیان» و فیلمی سینەمایی «14ـی جولای».

# دوو دیوانی ڕێدار سابیر ئامادەن بۆ چاپ



■ ئا: سیروان عەباس

شاعیر و نووسەر ڕێدار سابیر، دوو دیوانی شیعری ئامادەن بۆ چاپ کە بە هەردوو دیوانەکە نزیکەی 400 شیعریان لەخۆگرتووە.

ڕێدار سابیر بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو)ی ڕاگەیاند، هەردوو دیوانەکەی ئامادەی چاپن، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەرەوە چاپ نەکراون و گوتیشی: «شیعرەکانی ئەم دوو دیوانە جیاوازن لە شیعرەکانی پێشووتر و زیاتر فکر و تێڕامانن». ڕێدار سابیر ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە دیوانەکان یەکێکیان 300 لاپەڕە و ئەوی دیکە 200 لاپەڕەیە و نزیکەی 400 شیعری لیریک، ئازاد و غەزەلیاتیان لەخۆگرتووە و کۆکراوەی ساڵانی 2008 تاوەکو کۆتایی 2017-ن.

شاعیر و نووسەر ڕێدار سابیر، ساڵی 1971 لە هەولێر لەدایکبووە، چوار دیوانی چاپکراوی هەیە و دەیان چیرۆکی بۆ منداڵان نووسیوە.



# گۆڕەپانی مەرگ

◄ هەورین نەجات

ئەگەرچی ژیان لێوانلێوە لە نەهامەتی و مەرگەساتی جۆراجۆر، بەڵام دەرئەنجام بەهای جوانییەکانی لەدەست نادات، لەکاتێکدا ئەگەر مرۆڤەکان بتوانن لەنێو لابۆری گەورەی ژیاندا لە گۆڕینی بەشێکی زۆری هاوکێشەکاندا رۆڵی کاریگەریان هەبێت. ئەمەیە رەهەندی فەلسەفیی فیلمی ژیان جوانە (life is Beautiful).

ئەم فیلمە وێڕای بەدەستهێنانی 3 خەڵاتی ئۆسکار، زیاتر لە 50 خەڵاتی دیکەی سینەمایی بەدەستهێناوە و رەخنەگرانی بواری سینەماش لە ریزبەندی فیلمە نایابەکاندا پلەیەکی باڵایان پێبەخشیوە، زەمەنی رووداوەکانی نێو فیلمەکە رۆژگاری جەنگی دووەمی جیهانییە. بەسەرهاتی پیاوێکی جووی ئیتالی دەگێڕێتەوە کە پاش ئەوەی کچێکی کاتۆلیکی خۆشدەوێت و دوای ململانێیەکی زۆر هاوسەرگیریی دەکەن و منداڵێک دێننە دنیاوە، ئەو منداڵە دەبێتە گرنگترین تەوەری رووداوەکان، بە تایبەتی دوای ئەوەی جووەکانی ئەو وڵاتە دەستگیر دەکرێن و لە گرتووخانەدا کۆدەکرێنەوە و بەساڵاچووان و منداڵان بە گازی ژەهراوی لەناو دەبەن، لێرەدا هەموو هەوڵێکی باوکەکە بۆ ئەوەیە منداڵەکەی لە مەرگ رزگار بکات.

بێگومان وێناکردنی نەهامەتیی جووەکان لە سینەمادا کاری زۆری لەسەر کراوە، بەڵام ئاخۆ جیاوازیی ئەم فیلمە لەگەڵ ئەوانەی پێشتری خۆی لەکوێدایە؟

ئەوەی ئەم فیلمە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە بەشێکی زۆری رووداوەکانی فیلمەکە لە قاڵبێکی کۆمیدیدا خراونەتە روو، تا کۆتایی بەشی یەکەمی فیلمەکەش وەرگر هەست دەکات تەماشای فیلمێکی کۆمیدی دەکات، بەڵام لە بەشی دووەمدا هاوکێشەکە سەرەوژێر دەبێتەوە، بەجۆرێک بینەر رووبەڕووی پرسێکی چارەنووسساز دەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەستەمە بتوانرێت تەرزەکان لەیەک جیابکرێنەوە، واتا بینەر ناتوانێت بەتەواوی بڵێت ئەوەی کە دەیبینم کۆمیدیایە یان کردەگەلێکی درامایی یاخود رۆمانسی!

ئەو دۆخەی بینەر رووبەڕووی دەبێتەوە لە سینەمادا، پێیدەگوترێ (Fable- فەیبڵ) واتا ئەو بەسەرهاتانەی کە لە ئەفسانە دەچن و لەژیانی راستەقینەدا بەئاسانی نایەنەدی.

لەنێو گرتووخانەکەدا ئەو کوشتارگەیەی بۆ جووەکان ئامادە کراوە، رۆبێرتۆ بینینی دەرهێنەری فیلمەکە کە لە هەمان کاتدا رۆڵی باوک دەبینێ، هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە وەکو شانۆگەرییەک نیشانی کوڕەکەی بدات. هۆشمەندی و زیرەکیی باوکەکە لەوەدایە کە کوڕەکەی وا تێدەگەیەنێت، ئەوەی روودەدات جگە لە گەمەیەک هیچی دیکە نییە و کەسی براوە لەو گەمەیەدا تانکێکی راستەقینە وەردەگرێت. هەڵبەتە دەستکەوتنی تانکێکی راستەقینە حەز و ئارەزوویەکی کوڕەکەیەتی کە بەرلەوەی ببرێنە گرتووخانە، هەمیشە مشتومڕی لەسەر دەکەن، لە تڕۆپکی کردەکاندا، باوکەکە بەرلەوەی گوللەباران بکرێت، کوڕەکەی لە گۆشەیەکی گۆڕەپانی گرتووخانەکەدا حەشار دەدات و داوای لێدەکات بەهیچ جۆرێک لەو گەمەیەدا خۆی ئاشکرا نەکات. لە کۆتاییشدا دوای ئەوەی منداڵەکە بەهۆی خۆبەختکردنی باوکییەوە لەو گەمە مەرگەساتئامێزە رزگاری دەبێت و پاش هاتنی هێزەکانی ئەمریکا لە حەشارگەکەی دێتە دەرەوە، تانکێکی راستەقینە دەبینێ کە لوولەکەی بە ئاراستەی بینەرە و لە هەمانکاتدا بە ئاراستەی بینینی خۆیەتی، بەوەش شۆک دەبێت، سەرئەنجام خۆی لە ئامێری سەربازی سەر تانکەکەدا دەبینێتەوە و ئەو ئاواتەی هەمیشە خەونی پێوە دەبینی دێتەدی.

بێگومان ئەم فیلمە لە رەهەندی ئایدیۆلۆژیای سیاسی و نەتەوایەتی بەدەر نییە، هەوڵێکی دیکەیە بۆ ناساندنی مەرگەساتی هۆلۆکۆست و قڕکردنی جووەکان لەسەر بنەمای جیاوازیی نەتەوایەتی و جیاوازیی ئایین و بیروباوەڕ، هەروەها توانای فیکریی مرۆڤی جوو وێنا دەکات لە تێپەڕاندنی گرفتەکان و بەرەوامبوون لە ژیان، ئەویش لەڕێی قوربانیدان بە هەموو شتێک لەپێناوی مانەوەی نەوەی نوێ، لەبەشی کۆتاییشدا فیلمەکە بەرووبی پێماندەڵێت ئەمریکا هەمیشە دۆست و فریادڕەسێکی راستەقینەی جووە.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی ستەمدیدە پرسیارێکی گرنگ لە خۆمان بکەین، ئاخۆ بزاڤی سینەما و دراما لای خۆمان کەی دەتوانێت بە دیدێکی جیاوازەوە کاربکات لەسەر کارەساتگەلێکی وەک هەڵەبجە و ئەنفال، بەجۆرێک بتوانێت گوتارێکی ستاتیکی و مەعریفی کە بەدەر نەبێت لە وێنای راستەقینەی کارەساتەکان، بگەیەنێتە بینەری بیانی؟

- فیلمی (life is Beautiful) لە دەرهێنانی (رۆبێرتۆ بینینی)یە
ئەکتەرە سەرەکییەکانی بریتین لە:
- رۆبێرتۆ بینینی لە رۆڵی باوک
- نیکۆلێتتا براتچی لە رۆڵی دایک
- جیۆرجیۆ کانتارینی بەرجەستەکاری کارەکتەری منداڵ.









# مارلین رۆبنسن و پەیوەستی بە بەها مرۆییەکانەوە

◄ نووری بێخاڵی



## خەونی نووسین

وەک خۆی لە هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بۆ کردووە، لە تەمەنێکی بچووکەوە هۆگری خوێندنەوە بووە، بەتایبەتی بەهۆی دایکیەوە کە هەمیشە چیرۆکی بۆ خوێندووەتەوە، گوێیەکانی بە چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە) و زۆر چیرۆکی دیکەی ناو کولتوور و شارستانییەتی مرۆڤایەتی کراوەتەوە و خەیاڵی فراوانتر بووە. هەر ئەم هۆگربوونەیشی بە خوێندنەوە، کەڵکەڵەی نووسینی خستووەتە سەر و خەونی بەوەوە بینیوە ببێتە نووسەر. دواجار ئەو خەونەی نەک هەر دێتە دی، بەڵکو دەبێتە یەکێک لە نووسەرە نێودارەکان.

ژنە نووسەر و رۆماننووسی ئەمریکی مارلین رۆبنسن، ئەندامی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ هونەر و زانستەکان، ساڵی 1943 لە ویلایەتی ئایداهۆ لەدایک بووە. دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی هونەرەکانی لە زانکۆی براون بەدەستهێناوە. ساڵی 1977 دکتۆرای فەلسەفەی لە زانکۆی براون وەرگرتووە و ساڵی 1988 دکتۆرای زمان و ئەدەبی ئینگلیزی لە هەمان زانکۆ تەواو کردووە.

رۆبنسن لە زانکۆ لە وۆرکشۆپی نووسینی داهێنەرانە وانەی گوتووەتەوە و دکتۆراکەیشی لەسەر (شکسپیر)ی لوتکەی ئەدەبی ئینگلیزی بووە.

دوای چاپ و بڵاوکردنەوەی یەکەم رۆمانی، بۆ ماوەی نزیکەی 24 ساڵ خەریکی نووسینی وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و فیکری بووە بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکانی (نیویۆرک تایمز، پاریس ریڤیو، هاربەرز). هەر لەو ماوەیەدا کتێبی (وڵاتی دایک: بەریتانیا، دەوڵەتی خۆشگوزەرانی و پیسبوونی ناوەکی)ی نووسی کە دەنگدانەوەیەکی مەزنی بەدوای خۆیدا هێنا.

## دەنگدانەوەی دوای بێدەنگی

"بەرهەمەکانم هەموو ئەو شتانەن کە دەتوانم پێشکەشی خوێنەرەکانمی بکەم — رۆبنسن"

رۆبنسن خاوەنی سێ رۆمان (رێکخەری ماڵ، یان کارەکەری ماڵ 1981) و (گلیاد 2004) و (ماڵ 2008) و چەند کتێبێکی دیکەی بواری فیکری و فەلسەفییە. لەوانە (وڵاتی دایک 1989 و مردنی ئادەم 1998).

ئەوکاتەی لە زانکۆی براون لە واشنتن سەرقاڵی وەرگرتنی دکتۆرا بوو لەسەر (شکسپیر)، خەریکی نووسینی رۆمانی یەکەمی بوو. تا ئەوکات لە نێوەندی ئەدەبیدا ناسراو نەبوو، بەڵام کاتێ رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز) خوێندنەوەی بۆ رۆمانەکەی کرد، سەرنجی خوێنەران و رەخنەگرانی راکێشا. نەک هەر ئەوە، بەڵکو رۆمانەکەی وەک شاکارێک و یەکێک لە گرنگترین رۆمانە ئەمریکییەکان ناوبانگی دەرکرد. دوای چارەگە سەدەیەک لە بێدەنگی، رۆبنسن دووەم رۆمانی خۆی چاپ و بڵاوکردەوە و پاش چوار ساڵ، رۆمانی سێیەمی خستە بازاڕەوە.

رۆمانی (رێکخەری ماڵ) کە لەلایەن رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ەوە خرایە لیستی باشترین کتێبەکانی سەدەی بیستەم و رۆژنامەی (یوکەی گاردیان ئۆبزێرڤەر) وەک یەکێک لە گەورەترین رۆمانەکان دەستنیشانی کرد، جگە لەوەی کاندیدی وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبی پۆلیتزەر بوو، هاوکات لەلایەن دەزگای هەمنگوای، خەڵاتی (بین)ی ئەدەبی و دوای ئەویش خەڵاتی دامەزراوەی (فۆکنەر)ی لە ساڵی 1982 وەرگرت.

دووەم رۆمانیشی کە دوای چارەگە سەدەیەک بێدەنگی هات، دەنگدانەوەیەکی کەمتر لەوەی یەکەمی نەبوو، چونکە هەرسێ خەڵاتی ئەدەبی (بازنەی نیشتمانیی رەخنەگرانی نیشتمانی- 2004) و (پۆلیتزەر- 2005) و (ئەمباسادۆر بۆ کتێب- 2005)ی بەدەستهێنا.

رۆمانی سێیەمیشی کە بەشی دووەم، یان تەواوکاری رۆمانی دووەمە، خەڵاتی رۆژنامەی (لۆسئەنجلس تایمز)ی بۆ کتێب لە ساڵی 2008 وەرگرت. ئەمە سەرەڕای خەڵاتی ئەدەبیی (ئۆرنج)، هاوکات یەکێکیش بوو لە دیارترین کاندیدەکان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی (کتێبی نیشتمانی لە ئەمریکا) و هاوشێوەی رۆمانی یەکەمی، لەلایەن رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ەوە وەک یەکێک لە سەت باشترین کتێبی ساڵی 2008 دیاری کرا.

## کۆمەڵگا لە ئاوێنەی خودەوە

لە رێوڕەسمی وەرگرتنی خەڵاتی (بین)ی ئەدەبیی دامەزراوەی هەمنگوای-دا، سەرۆکی لیژنەی دادوەری ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە رۆمانەکەی رۆبنسن، رۆمانێکە لەباری گێڕانەوەدا سروشتێکی نەرم و دەوڵەمەند و پڕ حیکمەتی هەیە، هەروەها لەلایەنی تەکنیکیشەوە، ئاستێکی بەرزی پیشەییبوونی تێدایە. بەشێک لە رەخنەگرانی ئەدەبیش پێیانوایە کە نووسەری رۆمانەکە، یەکێکە لە دیارترین نووسەرانی پەخشان لە سەدەی بیست، نووسەرێک کە هەوڵ دەدات و خەونی ئەوەی هەیە، لە نێوەندی ئەدەبیدا وەک (جۆزێف کۆنراد)ی نووسەر سەیری بکرێت.

رۆبنسن دەڵێ: "کتێبەکانمان پەیامبەری خۆشەویستیی ئێمەن بۆ ئەوانی دی". بەرمەبنای ئەم دەربڕینەی نووسەر و بە خوێندنەوەی رۆمان، تەنانەت کتێبە فیکرییەکەیشی (مردنی ئادەم) کە قسەکردنە لەسەر (داروین، کالڤن، نیچە) و چەند بیرمەندێکی دیکە، وەک خوێنەرێک دەگەیتە ئەو تێگەیشتنە سادەیەی کە بڵێیت، رۆبنسن جگە لە جواننووسین، رەواننووسین، جوانگێڕانەوە، خەیاڵڕەنگینی، زیرەکی لە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان و تەوزیفکردنەوەی وشە و دەربڕینەکان، هاوکات لە باری ناوەڕۆکیشدا، خاوەنی مۆراڵ و رەوشتێکی بەرزی مرۆییە. کەسێکە دەیەوێ لە سەردەمی ئاوابوونی بەهاکاندا، گیان وەبەر بەها بکاتەوە و مانایەک بە سروشت و بوونی مرۆییانەی مرۆڤ بداتەوە. نووسەرێک دەیەوێ لە ئاوێنەی خودەوە درز و خەوشەکانی کۆمەڵگا ببینێ و لەوێوە، لە میانی پڕکردنەوەی ئەو درز و بۆشاییە رۆحی و ئاکارییانەی خودەوە، مرۆڤ بە خودی خۆی، هەروەها لەگەڵ بەرامبەر و ئەوی دیکە ئاشت و ئاشنا بکاتەوە. رەنگە هەر ئەم رەهەندە مۆراڵی و دیوە مرۆییە بێت، کاتێ (باراک ئۆباما) سەرۆکی پێشووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ساڵی 2012 مەدالیای نیشتمانی بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان بەو ژنە نووسەرە دەبەخشێ، لە بەیاننامەی نووسینگەکەیدا دەڵێت: "بەرهەمە ئەدەبی و فیکرییەکانی رۆبنسن لە هەڵگرتنی شوێنپێی ئەو رایەڵە مۆراڵی و ئاکارییانەدا سەرکەوتوون کە ئێمە بەوانی دیکەوە دەبەستنەوە".

ئەگەر رۆمانەکانی رۆبنسن وەک بەرهەمی ئەدەبی، لەباری شێواز و رەگەز و توخمەکانی داهێنانی ئەدەبییەوە بریتی بن لە ئەزموون و توانا و سەلیقەی نووسینی نووسەر خۆی، بەڵام دواجار وەبەرهێنانی ئەو ئەزموون و توانا و سەلیقە ئەدەبییە خودییە لە وێناکردنەوەی سروشت و رۆخساری کاراکتەرە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، لە ئاشکراکردنی دیوە کرێتەکانی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، لە کردنەوەی گرێکوێرەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر لایەنی دیکەدا، رەهەندێکی دیکەی گشتگیرتر بە بەرهەم و ئەزموونەکانی نووسەر دەدەن. بە مانایەکی دیکە، ئەزموونی رۆبنسن ئەزموونی گشتە لە زمانی کاراکتەری جیاوازەوە.

## تەنیایی و کردەی نووسین

**"نووسین چرکەساتی دڵنیایی و ئۆقرە گیریی دڵ و ئاشتیی منە لەگەڵ خودی خۆم" رۆبنسن**

کردەی نووسین و پرۆسەی داهێنانی ئەدەبی، بەرهەمی ئەزموون و تێفکرینە، بەری قووڵبوونەوە و تێڕامانە، ئەنجامی توانای بەرهەمهێنانی پرسیار و کردنەوەی کۆدەکانە. داهێنانی ئەدەبی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە ئاستی تێکەڵی و پەیوەندیی خودی نووسەرەوە هەیە لەگەڵ دەوروبەر و ژینگەی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆی. بەو مانایەی هیچ نووسەرێک بەبێ بوونی ئەو رایەڵەی پەیوەندییە و تێگەیشتنی قووڵی لە چیەتی و ماهیەتی کۆمەڵگاکەی، لە مێژوو و فەرهەنگەکەی، دەرەقەتی نووسینی رۆمان نایەت. ئەتمۆسفیری رۆمان و کەرەستەکەی، کۆمەڵگا خۆیەتی، کۆمەڵگا بە هەموو ڕەهەندە مێژوویی و کولتووری و رۆحی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیەوە، بە دوێنێ و ئێستایەوە. ڕەنگە هەر ئەمەش بێت وا بکات کە جیاواز لە هەر نووسینێکی دیکە، نووسینی رۆمان کردەیەکی هەڕەمەکی نەبێ، بەڵکو وەک رۆبنسن دەڵێ: "هەندێک بارودۆخ هەن کەشی نووسینی رۆمان دەخولقێنن، بۆیە تا ئەو کاتە چاوەڕێی هاتنی رۆمان دەکەم کە خۆی دەیەوێ بێت".

"تەنیایی جوانترین بەخششێکە کە بوارم دەداتێ بۆ ڕامان و قووڵبوونەوە لە جوانیی گەردوون، وەک چۆن دەرفەتی خوێندنەوە و نووسینیشم دەداتێ". بە وردبوونەوە لەم بۆچوونەی نووسەر و گەڕانەوە بۆ ئەزموونی زۆر رۆماننووسی دیکە، دەگەینە بڕێک لەو راستییەی کە تەنیایی دونیایەکی تایبەتی نووسەرە، سرووتێکی جیاوازە کە دەیباتەوە ناو خۆی، کەشێکە دەیخاتە سەر کەڵکەڵەی پرسیار و گومان. تەنیایی نووسەر، زیاتر لە خەڵوەتگیریی زاهید و عاریفان دەکات کە تێیدا رۆحی خۆی، ئەندێشەی خۆی، خەیاڵی خۆی، تەنانەت هەموو بوونی خۆی رەها دەکات و دەیانداتە دەست گەشت و گەڕان بۆ گەیشتن بە وەجد. برێ جار دەشێ لەناو ژاوەژاوی قەرەباڵغی و ژیانی گشتیشدا ئەو هەستی تەنیاییە دایبگرێت و لە چەقی حەشاماتدا بە دیار دیمەنێک، ڕووداوێکەوە دۆش دابمێنێ و لە سووچێکدا هەڵترووشکێ و لە دەوروبەری خۆی، لە زۆر شت ورد بێتەوە.

رۆبنسنی نووسەریش بەم گوزارشتەی لەبارەی تەنیایی و گۆشەگیری و دوورکەوتنەوە لە ژاوەژاو، دەیەوێ عیشقی خۆیمان بۆ تەنیایی، هێوری و هێمنی دەربڕێ و دەنووسێ: "خۆم بۆ نووسین تەرخان دەکەم، بەڵکو ببێتە فریادڕەسم بۆ گەیشتن بە جوانیی گەردوون و مرۆڤ". ئیتر کێ ناڵێ چارەگە سەدەیەک لە بێدەنگی و دواتر تێهەڵچوونەوە، بەشێکی زۆری بەرهەمی ئەو تەنیاییەی نییە کە سەرڕێژی کردووە لە پرسیار و گومان، تا دواجار دێت و بەم قووڵییە، قسە لەسەر سروشتی مرۆڤ، نهێنییەکانی گەردوون و زۆر نەگوتراوی ناو کۆمەڵگاکەی بکات؟



# ئەحمەد کایا..

## دەنگێک دەبێ لەسەر نۆتەی خشپەی گەڵا و لەبەر سۆناتای باراندا هەڵیمژی

شادی نیکخا

حوزنی پاییزانە پابەندی هیچ ڕێسا و پێوەرێک نییە و بێ هیچ خوڵک و تەقەدەرگایەک، دێت و خۆی لە نووتەکترین کونجی ڕۆحت دەپەستێوێ، لەوێشەوە دەخزێ بۆ ناو هەنگاوەکانت و سەرت پێهەڵدەگرێ بۆ پیاسەی بێ چەتری بەرباران ئێوارەی شارێک کە چاوەکانی پڕن لە پرسیاری دزێو لەسەر تەنیاییت.

**"باران دەبارێ، تۆ تەڕ دەبی..**
**ڕۆژ هەڵدێ، تۆ ئاوا دەبی..**
**تۆ تریفەی مانگی لەسەر دەریا..**
**دەڵێی هەر بە بێدەنگی دەگریت..**
**ئەوا کاتی ڕۆیشتنە ..**
**لێگەڕێ با مانگ بڕوا..**
**تۆ ئەمشەو هەر لێرە بە، تۆ هەموو هیوامی..."**
(Ahmet Kaya –Yakamoz)

لەناکاو بیری پیاسەی ئێوارەی باراناویی باخێک دەکەی، لە ناوچەی بیستی ڕۆژهەڵاتی پاریس کە ناوی پێر لاشێزە و نیگای دانیشتووانەکەی، تەزی لە مەعسوومییەتی بێدەنگی، مەساج بۆ هەنگاوەکانی تەنیاییت دەکەن.
ئەوە تەنیا حوزنی پێوەرهەڵنەگری پاییز نییە وات لێدەکا غەریبیی شوێنێک بکەی کە پێشتر بە وێنە نەبێ، هەرگیز نەتدیوە و بە خەیاڵ نەبێ، هەرگیز لەوێ نەبووی. ئەوە ڕایەڵی دەنگە پێناسەهەڵنەگرەکەی ئەحمەد کایایە کە دەڵێی پاییز لە ئەزەلەوە لەهەوڵدایە لە نەرمی و ناسکی و جوانی و فێنکی و حوزن و نامۆیی و تووڕەیی و تەڕی و ڕەهێڵە و وەرین و بارین و هەزاران هەستی دژوازی دیکەدا، لاسایی ئەو بکاتەوە.
ئەڕێ خوایە ئەو هەموو پاییزە پڕئەفسوونە چییە وەریوەتە سەر دەنگەژێکانی ئەو پیاوە؟ ئاخۆ پێش یەکەم گۆرانیگوتنی ئەو، پاییز چ ڕەنگێک بووبێ؟ ئاخۆ پێش دەنگی ئەو، پیاسەی بەرباران چ تامێکی بووبێ؟ ئاخۆ پێش ئەویش گەڵاکان بە دەم باوە، نازدارانە سەمایان کردووە؟ ئەو هەر لە پاییزدا گۆرانیی گوتووە، یان هەر کاتێک ئەو گۆرانیی گوتووە، دونیا بەجارێک بووە بە پاییز؟

بەدەم ڕێکردن و گوێگرتنەوە، هەوڵ دەدەی یەکێک نەبی لەوانەی تێناگەن پیاوێک "چۆن دەسووتێ.. چیها جەفای کێشاوە.. لەچی هەڵاتووە.. بۆچی دەخواتەوە.. بۆ بێدەنگە.. لە کێ تۆراوە..؟"

**"دیوارە بەردینەکانم ڕماند و هاتم..**
**زنجیرە پۆڵایینەکانم پچڕاند و هاتم..**
**ژیانی خۆم سووتاند و هاتم..**
**ئێوە چۆن تێدەگەن من لە چی هەڵاتووم؟**
**ئێستا ئەستێرە لە ئاسماندا دەکوژێتەوە..**
**ئێستا دایکم بانگم دەکات..**
**دڵدارێکم هەیە ئێستا فرمێسکی بووە بە خوێن..**
**ئێوە چۆن تێدەگەن من بۆچی مەی دەخۆمەوە؟"**
(AHMET KAYA –NERDEN BİLECEKSİNİZ)

دەتەوێ هەر لەبەر ئەو بارانە، هەر لەژێر ئەو نیگا دزێوانەی شار، بەدەم ڕاژەنینی لانکەئاسای نۆتەکانی ئەو دەنگەوە بنووی، بەڵام دەنگی ئەحمەد کایا بەو هەموو نەرمییەوە، بۆ لایلایە ناشێ و پەیڤەکانی، دڵڕەقانە، نەک تۆ، هەموو چەمکەکانی ژیان و مەرگ و مرۆڤ ڕادەچڵەکێنن.

**"سۆز و هەیەجان لە مندا، وەک گێڕانەوەی چیرۆکێک، هەموو ساتێک لەگەڵمایە**
**وەرە.. لە زیندانە تاکەکەسییەکەمدا بە تەنیام**
**وەرە ئەی ئەوینی ئەفسانەیی من.. ڕووت ببەوە و خۆتم بۆ ئامادە کە**
**تا ساتێکی تر، دەمبەن بۆ بەردەم سێدارە**
**تاوێکی تر، وەک چرۆیەکی تازەپشکوتوو، لە لقم دەکەنەوە و دەمکوژن**
**ماڵئاوا ئەی هەموو هۆگرییەکانم.. ماڵئاوا ئەی هەموو خیلقەت.. ماڵئاوا ئەی عاشقان**
**ماڵئاوا ئەی سەمفۆنیای ئاوازە سەماهێنەرەکان..**
**ئەی سترانە عاشقانەکان و شیعرەکان..."**
Ahmet Kaya –Beni Tarihle Yargıla

زۆرن ئەوانەی لە تورکی یان کوردیی کرمانجی تێناگەن، بەڵام کەس نییە تەسلیمی تەلیسمی حوزنی ئێوارەبارانی پاییز ببێ، کەچی لە پەیڤی ئەحمەد کایا نەگات.

**"ئێمە ئەو دووکەڵە نەبووین کە لە بڵێسەی مۆمێک بەجێدەمێنێ..**
**یان ئەو تەمەی چاوەکان لە یەکتر دەشارێتەوە**
**بە زانایی و وریایی، من بناسە ئەی سۆمای دوو چاوم..**
**بە فەلسەفە بمناسە و پاشان بە مێژوو داوەریم لەسەر بکە..."**
(Ahmet Kaya –Beni Tarihle Yargıla)

ئەو ئێوارانەی بێ هۆکار حوزنە غەریبەکە دەرگات پێدەگرێ، دوودڵ مەبە، هێدفۆنەکەت لە گوێ بکە و بڕۆ لەبەر سۆناتای باران و لەسەر نۆتەی گەڵا وەریوەکان، پیاسەیەکی گۆڕستانەکەی پێرلاشێز بکە.
ئاه.. دەبێ ئێستا گۆڕستانە ئاوەدانەکەی پێرلاشێز، بە دیار سیناریۆ غەریبەکانی یەڵماز گونەی و دیالۆگە بریندارەکەی قاسملوو و تەنیاییە ئەزەلییەکەی سادق هیدایەت و پیانۆ خەمبارەکەی فرێدریک شۆپێن و شیعرە شەکەتەکانی پۆل ئێلوارەوە، چ پاییزێکی کایائاسای نەرمی هەبێ؟

–ئەحمەد کایا: سترانبێژی کوردی باکووری کوردستان و دامەزرێنەری مۆسیقای ناڕەزایی لە تورکیا. پاییزی ساڵی 2000 لە پاریس بە مەرگێکی گوماناوی کۆچی دوایی کرد.
–یەڵماز گونەی: سینەماکاری بەناوبانگی کوردی باکوور. ساڵی 1984 لە پاریس کۆچی دوایی کرد.
–دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو: سکرتێری گشتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران. ساڵی 1989 لەکاتی دانوستاندن بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەگەڵ ئێران، شەهید کرا.
–سادق هیدایەت: نووسەری نیهێلیستی ئێرانی. ساڵی 1951 لە پاریس خۆی کوشت.

–فرێدریک شۆپێن موزیسیەنی داهێنەر و پیانۆژەنی ناوداری پۆڵۆنیایی. ساڵی 1849 دوای تەمەنێکی کورتی پڕ لە ئازار و نەخۆشی، کۆچی دوایی کرد.

–پۆل ئێلوار: شاعیر و نووسەری فەڕەنسی، ساڵی 1952 کۆچی دوایی کرد.
ئەوانە و چەندین زانا و کەسایەتیی ئەدەبی، هونەری و سیاسیی جیهان، لە گۆڕستانی پێرلاشیزی پاریس نێژراون.

# ڕەو لە زمانی کوردییەوە بەرەو عەرەبی

جوان نەبی



کورد هەندێ جار لەخۆیان رادەکەن، وڵاتی خۆیان جێدەهێڵن، هەندێک جار لە زمانی خۆیشیان رادەکەن. ڕەو زۆر جۆری هەن، زۆر دەرئەنجام لەدوای خۆیەوە جێدەهێڵێت، ژمارەیەک پرسیاریش.

ڕەو لە زمان دیاردەیەکی تازە نییە لەنێو کوردان، ئەگەر دیرۆکی کورد بخوێنیتەوە، ڕێکەوتی زۆر نووسەر دەکەیت کە بە نەژاد کوردن و بە زمانانی دیکە دەنووسن، زمانی عەرەبی نموونەیەکە کە زۆر نووسەری ڕاکردووی تێدا دەدۆزیتەوە. میری هەڵبەستی عەرەبی ئەحمەد شەوقی کە بە نەژاد کوردە، یەکەم نییە و نووسەری ناودار سەلیم بەرەکاتیش دوایینیان نابێت.
ڕاکردنی کورد لە زمانی کوردی و نووسین بە زمانی عەرەبی وەک زمانی ئافراندن، دۆخێکە، زنجیر و پێوەندێکە لە ژیانی ئێمەدا هێندەی مژارێکە بۆ گەنگەشە، هێندەش گەنگەشە لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت. گەنگەشەی ریزکردنی ئەو نووسەرانە وەک نووسەرانی عەرەب یان کورد، هەروەها ریزکردنی نووسینەکانیان لە پەرتووکخانەی عەرەبی یان کوردیدا. ئەمە ڕەوێکە لە زمانی ناسنامەوە بەرەو ئامێزی زمانی بێگانە، بە مانایەکی دی ڕاکردنە لە ناسنامە، نەمازە کاتێک ئێمە ئاشنای زمانین وەک بیرەوەرییەک، دانوستاندن، وەک کۆمەڵێک نیشانە کە واتای خۆی لە کۆمەڵگە و کولتوور وەردەگرێ.
ڕاکردن لە زمان نووسینە بە زمانێکی دیکە، بەرەو بەتاڵییەکی دیکە بۆ دەربڕین، پەیوەندی، تێگەیشتن، بڵاوکردنەوە و ناوداربوون. زۆر نووسەر هێندەی خۆیان لە زمانی عەرەبیدا دەدۆزنەوە خۆیان لە زمانی کوردیدا نادۆزنەوە، ئەوان لە خۆشیان هەڵدێن، لێرە دووفاقییەتی زمان دەردەکەوێت، لە ئەنجامدا دووفاقییەتی ڕامان و دونیابینی دەرەوەی زمان واتایەک بەدەستەوە نادەن، یاخود واتایەکی دیکە بەدەستەوە دەدەن کە پەیوەست بێت بە زمان و تێگەیشتن و مێژووی عەرەبی. ئەو نووسەرانەی کە بە ڕەگەز کوردن، زمانی عەرەبی لای ئەوان زمانێکی بێگانە نییە، هەروەها زمانی کوردیش بە زمانی نووسین نازانن. ونبوونی ئەوان لەنێوان زمانی کوردی وەک زمانی خۆیان و زمانی عەرەبی وەک زمانی نووسین، کاریگەری و باندۆری بەرچاوی لەسەر نووسینی ئەوان هەبووە.
تایبەتمەندیی ژیان و تێڕامانی کوردی بە زمانی کوردییەوە پەیوەستە، ئەمە وەچەی کولتوورێکی دیکەیە کە جیاوازە لە ژیان و تێڕامانی عەرەبی و پەیوەست بە زمانی عەرەبی. بەراز وەک ئاژەڵێک، وەک نموونەیەک لە زمانی کوردیدا بە واتای ئازایەتی دێت، بە پێچەوانەی عەرەبی کە بە مانای گوناه دێت، شتێکی قەدەغەیە، پیسە، ئەگەر بە عەرەبی بە کەسێک بڵێی بەراز، ئەوا سووکایەتیت پێ کردووە، لە کوردیدا وەک پەسندان و پێداهەڵگوتن وایە، وەک نیشاندانی پیاوەتی: هەی بەراز.
ئەو کوردانەی بە عەرەبی دەنووسن، نەک کوردی عەرەبینووس، نازانم بۆچی دەستەواژەی دووەم وەکو جنێوێک دێتە بەر گوێی من؟ ئەم دیاردەیە پەیوەستە بە پەروەردەوە، پەیوەستە بەتێڕامانی مرۆڤی کورد بۆ زمانی کوردی و عەرەبی، زیاتر لەوەی پەیوەست بێت بە کات و شوێن کە زۆر جار کاریگەریی خۆیان هەیە.
کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان بە کوردی دەسترێن، بە عەرەبی دەنووسن، بە کوردی خۆشەویستی دەکەن، بە عەرەبی دەنووسن، بە کوردی دەئاخڤن، گاڵتە دەکەن، دەچن، دەخۆن، دەخەون و بە عەرەبی دەنووسن!
نازانم ئەم دۆخە تاچەند درووستە، تا چەند ئاساییە، نازانم بۆچی کوردی نابێتە زمانی نووسین کە زمانی ژیانە، بەگشتی بۆچی نابێتە زمانی داهێنان؟
ئەم پرسیارە زیاتر لە وارگەی ژیان نزیک کراوەتەوە. هەڵبەستڤان حامید بەدرخان کە بە ڕەگەز کوردە، لە هەڤپەیڤینێکدا دەڵێ: "ئێمە لەپێناوی ناوداربوون بە کوردیمان نەنووسی، لە ترسی ئەوەی بەرهەمەکانمان بڵاونەبنەوە، وەلێ خۆزگە بە کوردیمان دەنووسی، بریا ئەو هەڵبەستانەمان هەر لەسەر پەڕاوەکان مابانەوە، من پەشیمانم" گۆڤاری ئەلحیوار- ژمارە 2 ی ساڵی 1993.
پەشیمانبوونەوەی حامید جێی خۆی دەگرێت، بەتایبەتی کاتێک دەبینین لە سەردەمی حامید زۆر هەڵبەستڤانی کورد هەبوون کە بە کوردی دەیاننووسی، بەرهەمەکانیان بڵاودەکرانەوە، بگرە زیاتر لە بەرهەمەکانی حامید بەدرخانیش، وەک سەیدایێ جگەرخوین وەک نموونەیەکی هەرە دیار.
کورد کاتێک لە زمانی خۆیان رادەکەن و پەنا وەبەر زمانێکی دیکە دەبەن، ئەودەم زمانی خۆیان دەخەنە ئامێزی باهۆزی مردن، دوور لە جوانی، پێشکەوتن و ناسنامە و وجودی خۆیان فڕێدەدەن، بەتایبەتی کە زمانێکی وەک زمانی کوردی بەردەوام قەدەغە بووە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە، ئامانجی ئەوان هەر ئەوە بووە کە لە ڕێگەی زمانی خۆیانەوە زمانی کوردی بشێوێنن، لێرە زمانی نووسین بە کوردی ئەرکی نەتەوەیی دەکەوێتە سەرشان، وەک هەوڵدانێک بۆ پاراستنی کەسایەتی کوردی، ناسنامە، بوون و پاراوییەکەی.
ئایا کورد زمانی خۆیان بە کەم دەگرن کە دەرەقەتی دەربڕینی ئازار و برین و ڕامان و ساتەکانی ئەوان نایەت؟
ئەمە پەیوەندی بە زمانەوە نییە، هێندەی پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە، پەیوەندی بە لێکتێگەیشتن و زمان، بە تێگەیشتن و ئافراندنەکانی ئەوانەوە هەیە، بە لایەنە شاراوە و توانا زمانییەکانەوە هەیە. هەموو زمانەکان جوانن، هەموویان وەک یەکن، هەموویان توانا و شیانی خۆیان هەیە. زمانێک هەیە بەکاردێت، بەم کارەش پێشدەکەوێت، زمانێکیش هەیە لێی رادەکەن، لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. زمانێک هەیە زمانی تۆیە، حەزت لێیەتی، ئەمە ناسنامەی تۆیە، داهاتووی تۆیە، یادەوەری، منداڵی و یاریی منداڵانی تۆیە. زمانێک وەک ئەندامێکی لەشی تۆیە، وەک دەستت وایە. زمانێکە یەکەم قسە بەهۆی ئەمەوە دەبیستی، یەکەمجار شتەکان بە ڕێگەی ئەوەوە دەناسیت و بە واتای خۆیانەوە تێیاندا دەژیت، کە کەمجار وایە لە زمانێکی دیکەدا ڕێکەوتیان بکەیت.





# ئیرۆتیک لە شیعردا
# ئیرۆتیک لە شیعری هەجوودا

هێرۆ کوردە



3 –2

جۆرێکی دیکەی ئیرۆتیک کە جۆرێکی جیاوازە و کەم لە لێکۆڵەران و ئارەزوومەندانی بواری ئیرۆتیک بەدەقی ئیرۆتیکی دەزانن، شیعری داشۆرینە.

شیعری هەجوو یەکێکە لە جۆرەکانی شیعر و مێژوویەکی درێژی هەیە و مێژووی ئەم جۆرە شیعرە "لە ئەدەبی عەرەبییەوە سەرچاوەی گرتووە و لەناو عەرەبدا مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەناو فارسەکاندا لە سەدەی چوارەمی هەتاوییەوە رەنگدانەوەی ئەدەبیاتی هەجوو دەبینین. ئەدەبی هەجوو سەرەتا وەک نامەگۆڕینەوەی دۆستانە لە نێوان شاعیرەکاندا دەنووسرا، بەڵام لە سەدەی پێنج بۆ حەوتی هەتاوی وەک چۆن ئەدەبی (مەدح و سەنا) بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەی سەند، لەبەرامبەریشدا ئەدەبی داشۆرین و غەزەل بەربڵاوتر بووەوە و بوو بە بەشێک لە ئەدەبیاتی نووسراو و لە شیعرەکانی (سوزەنی) و (ئەنوەری) و حەکیم جەلال و کوشکیدا" (1). لەبەر ئەوەی عەرەب لە رابردوودا زیاتر بە شێوەی سەرەتایی ژیاوە و کۆچەری بووە، بەردەوام شەڕی کردووە و زۆرجاریش چەکەکەی شیعر بووە "لەسەر ژن و دەسەڵات و بنەماڵە و سوار چاکی و ناوبانگ و تەنانەت لەسەر شیعریش شەڕیان کردووە و شیعری داشۆرینیان بەکارهێناوە و لەم جۆرەشدا لێهاتوو بوون" (2).

ئەم جۆرە شیعرە کە تێیدا جنێو و سووکایەتی باڵادەستە، پێچەوانەی پێداهەڵدان و ستایشکردنی دۆستانەیە و زۆربەی جاریش داشۆرینەکان بەبەکارهێنانی ئەندامەکانی زاوزێ دەبێت، زۆرجار لەگەڵ ئیرۆتیکدا هاوشێوە دەبن، چونکە هەندێ کات سووکایەتییەکە راستەوخۆ نییە و باسکردنی پەیوەندییەکی ناشەرعییە لە شێوەی شیعردا، (داشۆرین لەسەر بنەمای بەکەم تەماشاکردن و سووکایەتی دروست دەبێت، هەرچەندە زۆر جار خۆی لەبەرگی گاڵتەئامێزدا دەبینێتە" (3)، بەڵام بەگشتی ئەم جۆرە شیعرە باسی سێکس و ئەندامی سێکسی دەکات، جا یان شاعیر بەئەندامی سێکسی خۆیدا هەڵدەدات، یاخود گاڵتە بە ئەندامی زاوزێی ڕکابەرەکەی دەکات، لەم جۆرە شیعرەدا شاعیر "راستەوخۆ و بە ئاشکرا باسی پرۆسێسی سێکسی نێوان نێر و مێ دەکات، لە ئەندامەکانی زاوزێی نێرینە و مێینە دەدوێ" (4)، جا هەندێ کات باسکردنەکە قێزەون نییە و زۆریش ئیرۆتیکییە، نموونەی شیعری داشۆرین لەناو کورددا شێخ ڕەزای تاڵەبانییە کە زۆرترین شیعری داشۆرینی هەیە، لەگەڵ شوکری فەزڵی زۆرترین شیعری داشۆرینیان بۆ یەکدی ناردووە و جنێویان بە یەکتر و بە ژنی یەکتر داوە لەبەرگی سێکس و ئیرۆتیکدا، جگە لەوە شێخ رەزا خەڵکی دیکەشی بەهەمان شێوە داشۆریوە وەکو شەڕە شیعر لەگەڵ کچی حەسەن کەنۆشدا کە یەکدییان بە شیعر هەجوو کردووە.

ئەبو حوکەیمە کە خەڵکی کوفە بووە و لە ساڵی 240ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی هەجوو هەجووی ئەندامی نێرینەی خۆی کردووە "بە درێژایی شیعرەکانی کە هەشتا هۆنراوەیەک دەبن، بەزۆربەی بەحرە جیاوازەکانی شیعری عەرەبی نووسیونی هەجووی هەرامەی خۆی کردووە" (5).

بەس سوێندم بدە، هەڵناستێتەوە
کەمەی گۆچانە، راست نابێتەوە
ئەوێ کە دەبوو وەک ئەلف وابێ
داخی گرانم هەر لە دال ئەچێ (6)

ئەمەش پێچەوانەی شێخ رەزای تاڵەبانییە کە هەمیشە تاریف و وەسفی ئەندامی خۆی کردووە.

شێخ رەزا وەک شاعیرێکی کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیست، بە شیعرەکانی جیهانی ئەدەبیاتی کوردی فراوان کردووە بە هەردوو جۆر شیعری داشۆرین و ستایش کە ناوەڕۆک و روخساری ئەدەبیاتی کوردیی دەوڵەمەند کردووە. د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ سەبارەت بە شێخ رەزا دەڵێت: "ئەم شاعیرە تاقە نموونەی هەجووی سەختە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، بەشی زۆری شیعرەکانی هەجووی ئەو کەسانەن کە ژیان تێکدەدەن" (7).

ستایلی شیعرە هەجووەکانی، هەم شیعری هەجووی شێخ رەزا لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردیدا پێگەیەکی دیاری هەبووە و تا ئەمڕۆش نرخی دەقەکانی لە ئاستێکی بەرزدان. زۆرجار شاعیر داشۆرین بەباشترین رێگەی وەڵامدانەوە دەزانێت بەرامبەر بە رق و خراپیی کەسێک یان گوزارشتکردن لە حاڵەتێک و ئەمەش بەدەر نییە لە هونەر و ئەدەب و ناکرێت وەک جۆرێک لە جۆرەکانی ئەدەب وەرینەگرین. بۆ نموونە شێخ رەزا زیاتر هەجووی کەسوکار و بنەماڵەی شێخ و تەریقەتی کردووە چونکە لە رووی مادی و مەعنەوییەوە غەدرییان لێکردووە.

هەرچەندە ئەم جۆرە شیعرە بەدەر نییە لە مەترسی و زۆرجار شاعیر بەهۆی نووووسینی شیعرێکی داشۆرینەوە کوژراوە. لە نموونەی شاعیرانی عەرەب کە بەهۆی شیعری داشۆرینەوە کوژراون:

_ ئەبو تەیب ئەلموتەنەبی، ژنێکی هەجوو کرد، برای ژنەکە کوشتی.
_ بەشار بن بورد، مەهدیی هەجوو کرد، فەرمانی کوشتنی دەرکرد و کوشتی.
_هەروەها تەرفە بن عەبد

"لە سەردەمی بەر لە ئیسلام و لە سەردەمی ئیسلامیشدا شاعیرانی هەجوو هەبوون و بەناوبانگترین شاعیری هەجوو (حگیئە) بوو کە هەموو کەسی هەجوو دەکرد و زۆرجار دایک و باوکی خۆیشی هەجوو کردووە، گەر بێزار بووایە لەوان خۆی هەجوو دەکرد و خەڵکی لێی دەترسان، تەنانەت عومەری کوڕی خەتاب زیندانی کرد و پاشان پارەی پێدا تاکو دەستبەرداری هەجووکردن بێت" (8).

کاتێک ئیرۆتیک و داشۆرین پێکەوە دەبەستینەوە، مەبەستمان ئەو شێوازە جنێوانەن کە شاعیر تێیدا باسی پەیوەندیی سێکسیی خۆی لەگەڵ ژنێکدا دەکات، جا بەمەبەستی داشۆرینی ژنەکە بێت یان داشۆرینی پیاوێک لەڕێی ژنێکی خێزانەکەوە، شاعیر باسی ئەوە دەکات کە ئەندامەکانی چەند ساف و لووس و سێکسی و چەند بەلەزەت بووە و ئەم چەند لەزەتی بردووە و ژنەش چەند ئەندام و توانای شاعیری بەدڵ بووە، ئەم جۆرە کە ناڕاستەوخۆیە و زۆرجار ئەڤینئامێز دەردەکەوێت، ئیرۆتیکە، بەڵام باسکردنە راستەوخۆ و بێ پەردەکان لە ئیرۆتیک بەدەرن و هەموو هەجوویەک ئیرۆس نییە. ئەو شیعرە هەجووەی کە "بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بەهێما لە پرۆسێسی سێکس دەدوێت، بەسەر ئەندامەکانی زاوزێی نێرینە و مێینەدا هەڵدەدا، بە شێوەیەک کار لە مرۆ دەکات و هەستی رادەکێشێ، دەیهەژێنێت و ئارەزووی سێکسی لا پەیدا دەکات (9)، زۆرجار خوێنەر تەنیا لەبەر چێژی سێکسی شیعری هەجوو دەخوێنێتەوە و هەجووکراو بۆ ئەم باسێک نییە، یان زۆر جار بۆ گەڕان بە دوای هونەری شاردنەوە و کۆد و لێهاتوویی شاعیر دەگەڕێ، نموونەی نالی کە نزیکەی زیاتر لە بیست ناوی لە ئەندامی مێینەی مەستوورە ناوە لەو شیعرەدا و بە هیچ شێوەیەک ناوە باوەکەی کە هەموو کەس بەکاری دەبا، نەبردووە و ناوەکانیش هەمووی وێنەی ئیرۆتیکی هونەرین و هاوکات شیعرەکەش هەجووە نەک ئیرۆتیک.

مەرج نییە هەمیشە لە بەرگی داشۆریندا ئیرۆتیک هەبێت، زۆر جار لەبەرگی ئیرۆتیکدا داشۆرین هەیە، یان راستتر سووکایەتی و کەمکردنەوە مەبەستی سەرەکییە، بۆ نموونە ئەو قەسیدەیەی نالی بۆ مەستوورەی نووسیوە ئیرۆتیک نییە وەک هەندێ باسی دەکەن و دەڵێن "نالی زۆر دوورە لەو تێڕوانینە نێرسالاریانەی باسمانکرد و پیاوێکە لە پێوەندی خۆی بەمێینەوە، زیاتر ئیش لەسەر ئیرۆتیکا دەکات نەک سێکس، واتا پێوەندی بەو ئافرەتەوە پێوەندییەکی ئیرۆتیکیانەی شارستانیانە بووە نەک مەسرەفگەرایی سێکسبازی" (10)، بەڵکو وای دەبینن نالی هەجووی مەستوورەی کردووە و بەحوکمی ئەوەی کۆمەڵی کوردەواریی ئێستا و ئەو سەردەمە هەمیشە ژنی وەک شەرەفی خۆی بینیوە، قسەکردن لەسەر ژن یان ئەندامانی جەستەی هێڵی سوور بوون و پیاوی لەسەر کوژراوە.

### پەراوێزەکان

1_.(مستەفا زاهیدی، سێکسیسم لە ئەدەبیاتدا، ماڵپەری ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان،2015 )
2_(عبدالكريم ابو غبيش،الهجاء والسخريه فى شعر ابن رومى، موقع منبر حر للپقافه والفكر والادب،2011).
3_( الهجاء، الشعر، ويكيبيديا https://ar.wikipedia.org/))،
4_(د. دەریا، د.هاوژین د. ئیرۆتیک لە شیعری حەمامی شێرکۆ بێکەسدا، لا23)
5_(حەمەسەعید حەسەن، بەفر و گرکان، 2008، لا126).
6_(سەرچاوەی پێشوو ل127).
7_ د.محەمەد ئەحمەد سەعید، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، 2008، لا 236).
8_علی ابو زيد، الهجاء عند العرب فن، الموسوعه العربيه).
9_د.هاوژین، د.دەریا، ئیرۆتیک لە شیعری حەمامدا ، 2015، لا 24).
10_ڕێبوار سیوەیلی، لە پەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، 2010 ،ل23)،



جوگرافیا بوو هاواری ئەکرد
جوگرافیایەک بوو لە هاوار ئەچوو
جوگرافیا هاوار بوو
خەڵکینە لەڕێی خوا ئەم مێژووە بەرزۆ کەن لەڕێی خوا
ئەم مێژووە داپۆشن
لەڕێی خوا ئەم مێژووە گەرمۆ کەن
مێژوو لە تیقییەکانا بوو، خەڵک تفیان لێ ئەکرد
مێژوو لە هەواڵەکانا بوو، خەڵک پێوەی ئەگریان
مێژوو لەبەرمانا ئەنجن ئەنجن بوو
مێژوو تاقەتی نەماوە بنووسێ دۆڕاوین
مێژوو تاقەتی نەماوە مێژووی لای ئێمە بێ و
دۆڕاو بێ و مێژوو تاقەتی نەماوە مێژوویەکی لارەمل بێ

سروودێک بوو ماندوو
سروودێک بوو سەروچاو بریندار
سروودێک بوو کەس تاقەتی نەبوو بیخوێنێ و
بڵێ ئەمە تۆیت ''دینمان ئاینمان هەر نیشتمان''
ئەی سروودی خیانەتلێکراو:
گەرووەکان نەمان بتخوێنن
گوێچکەکان نەمان بتبیسن
هەر ئەوان مان،
ئەوان کە نیشتمان و شەهیدەکانیان پێکەوە فرۆشت
ئەوان کە هیواکان و ئایندەیان پێکەوە خنکاند

هەواڵەکان زیندوو بوون و ئێمە مردوو

سروودەکانیان برد، گەروو بێننەوە
شەهیدەکانیان برد، ئازادی بێننەوە
نیشتمانیان برد و خۆیان هاتنەوە

ئێمە کە دەستمان دانابوو لەگەڵ دەستی نیشتمانا بیبڕنەوە
ئێمە کە چاومان دانابوو لەگەڵ چاوی نیشتمانا بیکوژنەوە
ئێمە کە هەواڵێ لە چاومانا بوو ئەگریا
هەواڵێ لە قژمانا بوو ئەمانڕنییەوە
ئێمە کە خۆمان دانابوو بە گوڵەوە بچینە بەردەم مێژوو و
ئێمە کە داماننابوو بە حەسانەوە بڵێین: دەمباش
بە شەرافەت بڵێین: فەرموو

باوکم ئەڵێ: نیشتمان چ گیرێکی بەدەست ئێمەوە خواردووە!
باوکم ئەڵێ: بەزەییم بە نیشتمانا دێتەوە کە نیشتمانی ئێمەیە
باوکم سێ شەوە بە نیشتمانەوە ئەخەوێ و
بە نیشتمانەوە هەڵئەسێ و
باوکم پێیوایە نیشتمان باوکێکە پیر، خەریکە بمرێ
من باوکم خەریکە بمرێ
بمرێ کە چاوی نەبێ ببینێ نوور چۆن دیل ئەکرێ و
لاقی نەبێ بزانێ رێگا چۆن هەڕاج ئەکرێ و
گوێی نەبێ ببیسێ، سروودەکان چۆن ئەکوژرێن و
دڵی نەبێ بزانێ خوێن چۆن بەفیڕۆ ئەچێ

ئەی نیشتمانی باران و درەخت و باڵندە
کە باران و درەخت و باڵندە بتفرۆشن
ئیتر تۆ نیشتمانی کێیت؟

ئارام فەتحی

